## مێزگرد: گرفتەکانی سیاسەتی دەرەکی کە روبەرووی حکوومەتی نوێی تورکیا دەبنەوە (*)



سەیفی تاشهان ( بەڕێوەبەری پەیمانگەی سیاسەتی دەرەکیی تورکی بەوەکالەت)



رەشات ئاریم (بالیۆزی خانەنشین- ئەندامی دەستەی پەیمانگەی سیاسەتی دەرەکیی تورکی)



پولات تاجار ( بالیۆزی خانەنشین)



ئونور گۆکجە (بالیۆزی خانەنشین)

<u>**سیار محەمەد ساڵح لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی**</u>

**تێبینیی سەرەتایی:**

**<u>سەیفی تاشهان</u>: دەرەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنەی لە 22ی تەمموزی 2007دا لە تورکیا کرا، جەختیان لەوە کردەوە کە حزبی حوکمڕان بۆ ماوەی 5 ساڵی دی لە دەسەڵات بمێنێتەوە. بەهەرحاڵ، هەڵبژاردنی جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوە، عەبدوڵڵا گویل و پێویستیی دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێ لە ژێر فەرمانی سەرۆکوەزیرانی ئێستا، وا دەخوازێ وەزیرێکی نوێ دابندرێ ( وادیارە، ئەم مێزگردە پێش کابینەی تازەی حکوومەتی تورکیا سازکراوە، چونکە ئێستا عەلی باباجان وەزیری دەرەوەیە-وەرگێر)، کە چاو بە گرفتەکانی سیاسەتی دەرەکی بخشێنێتەوە کە روبەرووی تورکیا دەبنەوە. ئەگەر من هەندێ لەو کێشانە باس بکەم، بە ئەجێندای ئەوروپییانەی خۆمان و پرۆسەی وتووێژ لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپی دەس پێ دەکەم، کە دارە-دارە و وەکو چاوەڕوان دەکرا بەڕێوە نەچووە. ئەم حکوومەتە نوێیە چ دەکا بۆ راستکردنەوەی ئەو رەوشە و چۆن گیان بەبەر داوای تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپی دادەکاتەوە لە رووی ئەو بەرەنگارییە روو لە زیادەی بوونی تورکیا بە ئەندام لەو یەکێتییەدا لەلایەن چەند وڵاتێکی ئەوروپی ئەندامی ئەو یەکێتییەوە؟ ناوچەی ئاریشەی دووەم بریتییە لە هاوسێیەکانی تورکیا: هەندێ لەو گرفتانە سروشتێکی لەمێژینەی لەچارنەهاتوویان هەیە، وەکو قوبرس، گرفتەکانی دەریای ئیجە و پێوەندیی لەگەڵ ئەرمەنستان. رەوشی ناو عێراق تەحەددییەکی گەورەیە نەك هەر بۆ ئەمریکا بەڵکە بۆ تورکیاش لەبەر چەندین هۆ. بەرەو ژوور هەڵکشانی هێزی دەوڵەتی تورکیا لە کاریگەریی ئەو ئاریشانەی لەسەر ئەگەری نەشونمای تورکی کەمکردۆتەوە، ناکرێ چەقی قورسایی باکووری عێراق کە بنکەکانی تیرۆریزمی لێیە بەهەند وەرنەگیرێ. ئێران وەکو دەرفەتێکی گرینگ بۆ کردنی تورکیا بە کەناڵێکی زیندووی وزە بەڕێکردن بەرەو ئەوروپا، لێ کاریگەرییە نیگەتیڤەکەی لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا ناکرێ فەرامۆش بکرێ. پاشان، دەرفەتگەلێکی مەزن هەن کە لەوانە بەرجەستە دەبن: لە ناوچەی دەریای رەش، دەرفەتگەلێك بۆ کردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بازارێکی سەرەکی بۆ (صادرات) و (ئیستیسمارات)ی تورکی. هەروا دەرفەتگەلێکی گرینگی ئابووری لە دەریای رەش و وڵاتانی دەریای سپی ناوەراست و لەماوەی دورتردا وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمریکا هەن، ئەمەش**

دەوەستێتە سەر نەشونمای ڕێکوپێك و جێگیربوونی ئابووریی تورکی. من دەمەوێ بەگوێگرتن لە تێڕوانینەکانی بالیۆز ئۆنور گۆکجە لەسەر ئەو پرسانەو تەحەددیاتەکانی تری بەردەم حکوومەتی نوێ، دەس پێ بکەم.

### حکوومەتی نوێ لە بەجێگەیاندنی سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا سەر ڕاحەت نابێ

**ئۆنور گۆکجە:** روونە کە حکوومەت پشتەوانییەکی گەورەی پەرلەمانیی دەبێ و ئەو زۆرینەیە گومان لە ڕێبازەکانی سیاسەتی دەرەکیی حکوومەت ناکا. لێ لەو حکوومەتە نوێیەدا، ئێمە حزبێکی ترمان هەس، ئەوژی حزبی کاری نەتەوەییە(مەهەپە) کە سیاسەتەکەی پێچەوانە بوو لەگەڵ حکوومەتی پێشوو، بەزۆری دژی سیاسەتەکانی حکوومەتی تازەش دەبێ سەبارەت بە یەکێتیی ئەوروپی و ناوچەکە. من بروام وایە حکوومەتی تازە هەندە ئاسوودە و سەر ڕەحەت نابێ لە بەجێگەیاندنی سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا، لەبەر بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لەناو پەرلەماندا. داخوا ئەمە جیاوازییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە با بزانین. لەلایەکەوە ئەوانە زۆرینەیەکی بەهێزیان لە پەرلەماندا هەیە. حکوومەتی بەرێز ئۆردوگان پێڕەوی لە سیاسەتێکی نەریتپارێزی تورکی دەکا لە ژێر ناوی (ئاشتی لە ماڵ، ئاشتی لە جیهان). لەناو وڵاتدا ئەو پێڕەوی سیاسەتی هێورکردنەوەو دڵڕاگرتنی گروپە جیا-جیاکان دەکاو لە دەرەوەشدا ئەو دەڵێ دەبێ سیاسەتی (نابێ هیچ ئاریشەیەك لە گەڵ دەرو جیرانان ساز بکرێ) پەیڕەو بکرێ. داخوا ئەو سیاسەتە لەسەر جێبەجێکردن بەردەوام دەبێ با بزانین. لێ ئۆپۆزیسیۆن و تەحەددیاتەکانی بەردەم ئەم سیاسەتە زۆر بەهێزن. هەڵوێستی یەکێتیی ئەوروپی لەبەرانبەر تورکیا پێڤاژۆی سیاسەتی ئەوروپییانەی تورکی دیاریدەکا و هێشتا ئەمریکا دەورێکی گرنگ لە کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتەکانی تورکیا دادەنێ. هەروا سەرمایەی جیهانیش کار دەکاتە سەر ڕەوشی نێونەتەوەیی و سیاسەت بەوانەی تورکیاشەوە. دەگوترێ ئەم حکوومەتە بە تەفویزێکی بەهێزەوە بەسایەی پشتەوانی سەرمایەی جیهانی هاتۆتە سەرکار. هەڵبەت پێناسەی جیا-جیا بۆ سەرمایەی جیهانی هەیە، لێ ئەو سەرمایەیە کار لە ئابووریی تورکی دەکا بەشێوەی جیا-جیا و لە ئاکامدا لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیاش کە بەهۆی هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات شێوەی خۆی وەردەگرێ. هۆکارێکی زۆر هەن کە بروا بەوە بکرێ کە ئەوان بەردەوام دەبن لەسەر پێڕەوکردنی سیاسەتێکی هێور و نەرم بۆ خۆلادان لە ڕوبەڕووبوونەوە، هەروەکو چۆن پێشتریش وایان کردووە، لێ ئەمجارە هێزێکی سیاسیی گەورەتریان هەیە.

### داخوا حکوومەتی تازە دەتوانێ دەسپێشخەریی نوێ لە سیاسەتی دەرەکیدا بکات

**سەیفی تاشهان:** ئەمجارە ڕوو لە سەفیر ڕەشات ئاریم دەکەم کە لە چەند وڵاتێکدا نوێنەری تورکیا بووە و مامەڵەی لەگەڵ چەندین ئاریشەدا کردووە کە ڕوبەڕووی سیاسەتی دەرەکی تورکی بونەتەوە. من دەمەوێ ئەو پرسیارەی لێ بکەم کە چ ئاریشەیەك بەپەلە و گرنگ ڕوبەڕوی حکوومەتی تازە دەبنەوەو دووەم من دەمەوێ کۆمێنت لەسەر پرسی هەڵایساوی قوبرس بدەم- پرسێك کە ئەو چەندان ساڵی پێوە خەریك بووە. ئەم پرسە کۆسپ بۆ پێوەندیی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپی دروست دەکا. تۆ پێت وایە دەراوێك بۆ چارەسەربوونی ئەم پرسە هەبێ، داخوا ئەم حکوومەتە نوێیە دەسپێشخەری تازە دەکا؟

**ڕەشات ئاریم:** من پێموایە حکوومەتی تازە چانسێکی هەیە کە ببێتە یاریزانێکی باشتر لەوەی پێشتر. حکوومەتی پێشوو، لە دەسەڵاتدا تازەکار و ڕێبازێکی "کاتەکی" سەبارەت زۆر پرس هەبوو. تورکیا ئێستا لەباری گواستنەوە دایە کە کار لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەکات. وا چاوەڕوان دەکرێ تورکیا ببێتە یاریزانێکی گرنگ لە ناوچەی خۆیدا، بەهەرحاڵ، چەندین کۆت و بەند لەسەر شنگ و توانای تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕۆڵە هەیە کە لە هەلومەرجەکانی جیو-سیاسی، لە دراوسێکانییەوە، لەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی تورکیا خۆی ئیمزای کردوون لەگەڵ وڵاتانی تردا. ئەمە بە گشتی، لێ ئەگەر ئێمە پرسێکی تایەتی وەربگرین، بۆ نموونە قوبرس. لەسەر ئەم پرسە حکوومەتی پێشوو ویستی چالاك و بەگوڕ بێ، لێ لە لایەن ئۆپۆزیسیۆن و هەڵوێستەکانی جەماوەرەوە، ترسێنرا. چ لە پێش حکوومەتی نوێیە، لەو دوو ئەلتەرناتیڤە کام خیاری سیاسی هەڵدەبژێرێ، یەکیان بریتییە لە گەڕان بەدوای چارەسەرگەلێکی هەمیشەیی کە ئەرکێکی گەلێ سەختە کە وەکو چارەسەر تەنیا بەدەست تورکیا نییە. دووەم ئەلتەرناتیڤ ئەوەیە کە هەوڵ بدرێ ڕەوشی هەنووکە پتەو و موکم بکرێ. هەوڵەکانی حکوومەتی پێشوو بەشێوەیەکی پاژەکی سەرکەوتوو بوون لەو ڕووەوە کە دەنگێگی پۆزەتیڤ لە بەشی تورکی قوبرس بەدەست بێ بۆ پلانی ئەنان. بەڵام قوبرسییە

**یۆنانییەکان لەسەر ڕەتکردنەوەی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکە مکوڕ بوون. ئەلتەرناتیڤی تر کە لەسەرەوە باسکرا پێویستی بە هەموو توانایەکە کە تورکیا بۆ ئەو پرسەی بخاتە گەڕ. ئەمەش لەئاکامدا کێشە لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپی دروست دەکا. هەندەی پێوەندی بە یەکێتیی ئەورووپییەوە هەبێ، قوبرس و دورگەی یۆنان دەتوانن، هەڵبەت، پێوەندییەکانی تورکیا لە گەڵ یەکێتیی ئەورووپی پەکبخەن. یۆنان ئێستا ئەندامێکی قاڵبووی یەکێتیی ئەورووپییە و بەلایەنی زۆرەوە بەشێوەیەك ناجولێتەوە کە پێشێلکارییەکی روو بەدەرەوەی بنەماکانی ئەورووپی بکا. بەڵام قوبرسییە یۆنانییەکان هێشتا بەردەوامن لەسەر پێشێلکردنی بنەماکانی ئەورووپی. ئەوان نایانەوێ ڕێککەوتن لەسەر ئایندەی دورگەکە بکەن. وڵاتانی تری یەکێتیی ئەورووپی تەنانەت بەوانەشەوە کە لە هەڵوێستی یۆنان توڕەن، ناتوانن ڕێگەیان لێ بگرن کە مافی ڤیتۆی خۆیان بەکاربێنن بەڵام لەوانەیە بەچاوێکی زۆر باشتر سەیری پێگە و هەڵوێستی تورکیا بکەن.**

**<u>پولات تاجار</u>: دەتوانی پێمان بڵێی یۆنانییەکان چ بنەمایەکی ئەورووپییان پێشێلکردووە؟**

**<u>قوبرس و بنەماکانی ئەورووپی</u>**

**<u>ڕەشات ئاریم</u>: بنەمای سەرەکی ئەورووپی ئەوەیە کە تۆ دەبێ ناتەباییەکانی خۆت لەگەڵ وڵاتانی تر بە دەستاوێژی ئاشتییانە سەروبەر بکەی. قوبرسییە یۆنانییەکان دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە دەنگدان بۆ پلانەکەی ئەنان کە لە لایەن یو ئێن، یەکێتیی ئەورووپی و ئەمریکاوە ئامادەکرابوو. پلانەکە خرایە بەردەمیان، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە. بەڕێز ڤەرهیوگەن، خراپ ڕەخنەی لێ گیرا. لێ هیچ ڕێگەیەك نەبوو بۆ ڕێگەنەدان بە ئەندامەتی قوبرس. ئەمە ئەو پانتاییەیە کە قوبرسی یۆنانی بنەماکانی ئەورووپی پێشێل کردووە.**

**<u>پولات تاجار</u>: من وای نابینم، گەلەك وڵاتی ئەورووپی بڕوایان وایە کە تورکیا لەگەڵ بنەماکانی ئەورووپی و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ناسازە.**

**<u>سەیفی تاشهان</u>: دەرفەتم بدەن کە هەندێ شت لە سەر ئەم پرسە ڕوون بکەمەوە. با بزانین چۆن نۆرم و بنەماکان دانراون. ساڵی** 1999 **تورکیا بووە دەوڵەتێکی پاڵێوراو و گوتمان ئەوە کێشە و گرفتە ئەقلیمییەکانمان لەگەڵ یۆنان بۆ چارەسەر دەکا، دەنا یەکێتیی ئەورووپا دەچێتە دادگای نێودەوڵەتیی داد. لەوساکەوە، ئێمە شتێکی تازەمان بەر گوێ نەکەوتووە سەبارەت ئەو بابەتە لە یەکێتیی ئەورووپی. ئەم داوایە، دیسان یۆنان-یش دەگرتەوە، چونکە یۆنان وڵاتێکە کێشەی لەگەڵ تورکیادا هەیە. یۆنانی قوبرسی، کێشەی لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ تورکەکانی قوبرس هەیە. پێوەندیی ئاشتیخوازانە لەگەڵ هاوسێیاندا بەشێکە و لەناو هەگبەی سیستەمی ئەورووپیدایە-ئەمە پرەنسیپێکی کۆنی ویلسەنییە کە یەکێتیی ئەورووپیش پەسندی کردووە. لەوما، ئێمە دەتوانین ئەوە بە بنەمایەکی ئەورووپیش ناوزەد بکەین. کاتێ ئێمە دێینە سەر میکانیزمی ڕاستەقینەی وەرگرتنی ئەندامێکی نوێ، ئەورووپا دەیەوێ گەلەك مەرج بەسەر تورکیادا بسەپێنێ کە هەرگیز سەبارەت بە وڵاتانی دی ئەوەیان نەکردووە. کاتێ ئێمە دەڵێین نۆرم و بنەماکان پێشێل کراون، ئەوە ڕاستە، لێ ئەو میکانیزمەی لە پرۆسەی ئەندامێتیی بەکارهاتووە پێشێل نەکراوە، چونکە تاکە داخوازی، ڕەزامەندیی تەواوی وڵاتانی ئەندامە و ڕازیبوونێکی بەکۆمەڵیش لەسەر ئەندامەتی قوبرس هەیە، بەڵام لەوانەیە نۆرم و بنەماو پرەنسیپەکانی خۆیان پێشێل کردبێ.**

**<u>ئاڵۆزو پاڵۆزیی عێراق</u>**

**با لە قوبرس گەڕێین، من گەرەکمە ئاریشەیەکی تری نیگەرانئامێز کە ڕوبەڕوی تورکیا بۆتەوە وەرگرین. واتە عێراق، بەڕێز مالیکی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی تورکیا هاورایە کە عێراق دەبێ کارێك لە دژی پەکەکە لەناو عێراقدا بکا و بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەناسێنێ. لێ دوایە سەرکردەی کورد بارزانی ڕادەبێ و دەڵێ پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریست نییە و ئەوان ناخوازن بە ڕێکخراوێکی کوردی بڵێن تیرۆریست. ئێمە دەزانین پارتی دادو گەشەپێدان زۆرینەیەکی گەورەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی**

وەدەستهێناو، خەڵکی کوردزادە پشتەوانییەکی گەورەیان لێکردو لەهەمانکاتدا ناسیۆنالیستە ئێتنییەکانی کوردیش هاتنە ناو پەرلەمان و گروپی پەرلەمانیی خۆیان پێکهێنا. ئێستا وێدەچێ، رەوشێکی نیگەرانئامێزی یەکلاکەرەوە هاتبێتە ئارا. ئێستا دەرفەتێك بۆ پێشکەوتنێکی ئاشتییانە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا هاتۆتە گۆڕێ، یان ئەگەر پەکەکە لەسەر شاڵاوی کوشت و بڕی خۆی بەردەوام بێ و بارزانیش پشتەوانی لە ئایدیای بێ بنەمای کوردی بکا، ئەوا بۆ هێزە چەکدارەکانی تورکیا زەحمەت دەبێ خۆیان لە چوونە ناو باکووری عێراق بۆ لەناوبردنی سەرچاوەی دەسدرێژی دژی تورکیا، بپارێزن.

ئەو پرسیارەی کە دێتە زەین ئەوەیە: داخوا تورکیا دایالۆگ لەگەڵ بارزانیدا دەکا، چونکە ئەکتەرەکانی دی هانی تورکیا دەدەن راستەوخۆ وتووێژ لەگەڵ بارزانی بکا، لێ تورکیا نایەوێ دان بە بارزانی بنێ وەکو سەرۆکی دەوڵەتی کوردی یان قەوارەیەك لەناو عێراقدا. هەنووکە، ئێمە دەکارین بچینە کوێ؟ نەخشەکێشانی رێکەیەك بۆ ئایندە، دەبتە ئەرکێکی دژوار بۆ حکوومەتی نوێ. وەکو بالیۆز گۆکجە قامکی بۆ راکێشا بوونی (مەهەبە) لەناو ئەندامانی پەرلەماندا دەبتە فاکتەرێك بۆ دەست و پێ بەستنی کاری ئازادانەی حکومەت لە دنیای دیپلۆماسیدا و وای لێ دێ حکوومەت خەتێکی زۆر رادیکاڵتر پەیڕەو بکا. لەم خاڵەدا، دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ پولات تاجار و داوای لێ بکەم کۆمێنت و سەرنجی خۆی لەسەر ئەو پرسە و لایەنەکانی مافی مرۆڤی ئەو کێشەیە و ئێمە لە کوێ دەوستین سەبارەت بە پێداویستیی ئەوروپی و بنەماو رێککەوتننامەکانی ئەنجوومەنی ئەوروپی.

<u>پۆلات تاجار:</u> یەکەمجار باس لە عێراق دەکەین، دەبێ ئێستا ئێمە وەکو واقیع تێی بڕوانین. هەنووکە عێراق بۆ سێ بەش دابەشبووە. باکووری عێراق تەنانەت لەسایەی سەدام حوسێنیشدا جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی هەبوو با لەسەر کاغەزیش بووبێ. لێ دەبێ ئەوە بزاندرێ کە ئەمە واقیعەتێکە. زۆر وڵات پێوەندییان لەگەڵ بارزانیدا هەیە و وەکو سەرۆکی باکووری عێراق مامەڵەی لەتەکدا دەکەن. تورکیا ، بێگومان، تورکیا مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا دەکا، بەڵام هەمان تورکیا پێوەندیی ئابووریی توندوتۆڵیشی لەگەڵ باکووری عێراقدا هەیەو وەبەرهێنانی لەوێ کردووە. من وا بیر ناکەمەوە کە ئێمە بتوانین ئەو بەشەی عێراق فەرامۆش بکەین کە خێرا بووەتە سەنتەرو مەڵبەندی راستبوونەوەی گەلەك خانوبەرەی نوێ، فرۆکەخانە، زانکۆ کە کۆرسی خوێندن دەدەن، ئێستگەی تەلەفزیۆن هەیە کە بەپارەی بیزنسمانەکانی تورکیا هەڵدەسوڕێ. فەرەنسا، بەریتانیا، وڵاتانی ئەسکەندەنافی، ئەمریکا دانیان بەو قەوارەیە داناوە و پێوەندییان لەگەڵیدا هەیە. من بڕوام وایە 10 تا 20 ساڵی تر ئێمە دەوڵەتێکی کوردستانی لە باکووری عێراق دەبینین. هەروەکو دیتمان دەکرێ رێچکەیەکی دی بگیرێتەبەر. لە کۆسۆڤۆ، ناگۆرنۆ-قەرەباخ، ئەبخازیا لە جۆرجستان، جیابوونەوە لە سەنتەر و پێکهێنانی دەوڵەتۆکە هەیە. لەوانەیە ئەو مۆدیلە بەسەر عێراقیشدا پێڕەو بکرێ، جا بۆ ئەوە لە باکووری قوبرسیشدا پەیرەو نەکرێ. مادام قوبرسییەکانی یۆنان ئەوەیان رەتکردەوە کە لەگەڵ تورکەکان لە باکووری قوبرس یەکبگرنەوە تەنیا یەك رێگە ماوەتەوە کە پێڕەوی لێ بکرێ ئەویش دانانە بەباکووری قوبرس وەکو قەوارەیەکی جیا. سەبارەت بە پرسەکانی مافی مرۆڤیش من بڕوام وایە بوونی حزبێك لە پەرلەماندا کە لە هاووڵاتیانی کوردی ئێمە پێکهاتبێ پەرەسەندنێکی ئیجابییە. لەپێشەوە، من پێم باشە ئەوان دیدو تێڕوانینی خۆیان وەکو گروپێکی سیاسی لە پەرلەماندا دەربڕن. ئەگەر تۆ پرسەکانی مافی مرۆڤ لەگەڵ نۆرم و بنەماو پێوەرەکانی ئەوروپی بەراورد بکەی، دەبینین هەندێ بەرەو پێشچوون هەیە لە تورکیا. بۆ نموونە، تا ئێستا هەندێ دەعوای دادگە بە گوێرەی مادده 301ی قانوونی سزاکان هەیە، ئەم رەوشە خێرا بەرەو چابوون دەچێ.

## <u>ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستەکانی کوردی تورکیا</u>

کێشەی هەرە گەورە، ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستەکانی کوردی تورکیایە. ئەوان دژی سروشتی یەکگرتووانەی دەوڵەتی تورکیان و کۆنفدراسیۆنیان دەوێ. لایەنگیریکردنیان لەم ئایدیۆلۆجیایە، بووە بە مایەی رەخنەی زۆری پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) و پارتی کاری نەتەوەیی (مەهەپە). ئەگەر ئەم ئایدیۆلۆجیایە لە پەرلەماندا بەرەنگاری بکرێ، ئەوا حکوومەت دەبێ لەم بوارەدا پرۆسەی ریفۆرمی خۆی تەنگ و بەرتەسك بکاتەوە.

**سەیفی تاشهان:** بەر لەوەی داوای قسەی کۆتایی لە بالیۆز گۆکجە بکەین، من حەز دەکەم هەندێ سەرنج و رای تایبەتی خۆم لەسەر ئەم پرسە، دەربرم. پرسیاری یەکەم کە دێتە بەر زەینی من دابەشکردنی عێراقە. بەگوێرەی بالیۆز تاجەر ئەمە واقیعیەتێکە، لێ ئەم دابەشکردنە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عێراق و دراوسێیەکانی دەکا، داخوا ئەو دابەشکردنە، پێوەندیی ئاشتییانەی باشتر لەنێوان عێراق و دراوسێیەکانی دێنێتە کایەوە؟ تا ئەو دەقیقەیە من بڕوام وایە تورکیا پشتەوانی لە عێراقێکی یەکگرتوو دەکا، ئەگەر نا، دەوڵەتی کوردی دیفاکتۆ یان دی ژور (شەرعی) لەسەر سنووری باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دروست بێ، لەوانەیە ناسیۆنالیزمی کوردی ئاو لە سەرچاوەی ئەو دەوڵەتە لە باکوری عێراق بخواتەوە و خۆمان لە رەوشێکی نا ئاشتیخوازانەدا ببینینەوە. با ئێمە ئەوەش فەرامۆش نەکەین  کە وەکو هەموو ئەندامەکانی پەرلەمان، ئەندامەکانی DTP ش بەرێزەوە سوێندی بوونە ئەندام لە پەرلەمانی تورکییان خوارد کە دەست بە دەستووری تورکیاوە بگرن کە پێ لەسەر پێشێل نەکردنی سروشتی یەکگرتووانە (یونیتەری)ی دەوڵەتی تورکیا و نەتەوەکەی دادەگرێ. سەرباری ئەوەش، هەرچەندە لەناو پێکهاتەیەکدا هەڵبژێردراون، لێ پەرلەمەنتار نوێنەرایەتی تەواوی نەتەوە دەکا، ئەگەر پرسی کورد بووە مەرکەزی کارەکانی پەرلەمانیی ئەندامەکانی دەتەپە، ئەوا ئەوان دژی یەکێتیی نەتەوە رەفتار دەکەن._گەر بەپێچەوانەوەش جولانەوە ئەوان دەبنە پردێک لەنێوان ئەو ناوچانەی کە ئەوانیان هەڵبژاردووەو تەواوی وڵات. حزبە سیاسییەکانی تر دیسان بەرپرسیارەتییان لە ئەستۆیە کە بیانخەنە ناو کاری هەمەلایەنەی پەرلەمەنتارییەوە نەک کاری تایبەت بە خۆیان.

## عێراق: گەڕان بەدوای موخاتەب (دایالۆگکار)

**ئونور گۆکجە:** من لەگەڵ زۆربەی ئەو قسانە دام. من دەمەوێ چەند تێبینییەکی کەم لەبارەی عێراق و قوبرس زێدە بکەم. من پێموایە حکوومەت زەحمەت دەبینێ لە دۆزینەوەی موخاتەبی راست و دروست، بەر لەوەی لە پرسەکە بکۆڵێتەوە. ئەوان سەرکردەیەکی خۆجێی، بارزانییان هەیە، حکوومەتی عێراق هەیە کە سەرۆکوەزیرانەکەی نوری مالیکی و ئەمریکاش هەیە. وڵاتەکە بووە بە قەسابخانەو دارو پەردوو، بارزانی سەرکردایەتی گروپێك دەکا لە باکووری عێراق، مالیکی کە سەرۆکوەزیرانە بێ لە کورد کەسی تر پشتەوانی لێ ناکات، ئەمریکا ناتوانێ کۆنترۆڵی رەوشە بکات لێ پرۆژەیەکی گەورەی بۆ ناوچەکە هەیە ئەویش سیاسەتی بەرفرەی رۆژهەڵاتی ناوەراستە. لە سایەی ئەو هەلومەرجانەدا تورکیا بەزەحمەت دەتوانێ موخاتەبێکی راستەقینە بۆ عێراق بدۆزێتەوە و تا ئەو دەمەی دەتوانێ ئەو موخاتەبە بدۆزێتەوە زۆر زەحمەتە بۆ تورکیا سیاسەتێکی دەرەکیی پتەو و موکم لەمەڕ عێراق گەڵاڵە بکات.

سەبارەت بە قوبرس-یش من بڕوام وایە نا قانوونیەتێك هەیە کە قوبرسییەکانی یۆنان و یۆنان سوودی لێ دەبینن. ناقانوونیەتەکە ئەوەیە پاڵنەرێك هەیە کە لە پلاتفۆرمێکی شەرعییەوە رابکەن و بیانەوێ لەسەر پلاتفۆرمێکی سیاسی دابنێن. چەندە ئەوان درێژە بەوە بدەن ئەوان سەرکەوتوون چونکە کێشەی سیاسی هی یەکێتیی ئەوروپییە. بانگەشەی وان ئەوەیە کە هیچ نۆرم و بنەمایەکیان پێشێل نەکردووە لەوانەیە ئەمە راست بێ چونکە ئەو بنەمایانەی ئەوان ئاماژەی بۆ دەکەن بنەماگەلی یەکێتیی ئەوروپین، لێ بەمسۆگەری ئەوان نۆرم و بنەمای تریان پێشێل کردووە وەکو رێککەوتننامە دامەزرێنەکانی کۆماری قوبرس کە تا ئێستا هێزی جێبەجێکردنیان ماوە هەندەی من بەبیرم بێتەوە. بەگوێرەی ئەم رێککەوتننامانە قوبرس ناتوانێ ببێ بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپی بەبێ پێشێلکردنی ئەو رێککەوتننامانەو ئەگەر ئەمە پێشێلکردن بێ، ئەوا یەکێتیی ئەوروپیش لایەنێکی ئەو پێشێلکردنەیە.

**(*): لە سایتی ئەنستیتوی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا وەرگیراوە.** www.foreignpolicy.org.tr